ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# راگەیاندنی خزمەتکاران

**رامیار کاوانی**



پاشەڕۆژێکی رووناك چاوەڕێتانە

AP

هەندێ رۆژنامەی کوردستان شتی وا بڵاو دەکەنەوە مرۆڤ قێزی لە خۆی دێتەوە کاتێ دەیانخوێنێتەوە. ئەو وێنەیەی دەیبینن لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوبۆتەوە(ژمارە ٣٥١٢ لەرۆژی ٣١-١١-٢٠٠٤ لا ٤) کە رۆژنامەیەکە سەلماندوویەتی لە بوش و تاقمەکەی ئەمەریکی ترەو شتی وا دەنووسێت کە تەنانەت رۆژنامە ئەمەریکیەکان نایانووسن، دیارە هەر رۆژنامەیەکیش رێز بۆ کارە رۆژنامەنووسی دادەنێت ئەو شتانە بلاوناکاتەوە کە کوردستانی نوێ بەشانازییەوە بڵاویان دەکاتەوە. ئەو وێنەیەی دەیبینن نمونەیەکە لەسەر ئەوپەڕی گاڵتەکردن بە راستییەکان و بە مرۆڤایەتی. سەربازێکی ئەمریکی منداڵێکی عێراقی ماچ دەکات. ئەو سەربازەی دەستی هەبووە لە خوێنی عیراقییەکان کە بەپێی سەرچاوەیی بێلایەنی ئەمەریکی نزیکەی سەد هەزار عیراقی لە داگیرکردنی عێراقدا کوژراون و کە بشی هەرە زۆریان خەڵکی مەدەنی بوون و شەڕکەر نەبوون. سەدامیش ئەوەندەی نەکوشتووە کە ئەمریکیەکان کوشتویانن.

با ئەمە هەمووی لەلایەك بوەستێ وئەو رستەیەی کە کوردستانی نوێ نوسییەتی لەلاکەی تر بوەستێ. رۆژنامەکە لەژێر وێنەکەنوسیویتی : پاشەرۆژێکی رووناك چاوەڕێتە.

هەموو ئەمریکا بگەڕێ یەك کەس نابینی تەعلیقی وا بنوسێ چونکە کەس وا بیرناکاتەوەو ئەم جۆرە تەعلیقە تەنها لە خزمەتکار دەوەشێتەوە. ئەگەر خزمەتکاریش نەبێ چۆن ئەو رۆژنامەیە ئاوا بۆ سەربازە ئەمریکیەکان دەپاڕێتەوە؟ ئەرێ کام پاشەڕۆژەیە چاوەڕوانی ئەو منداڵەیە کە لەوانەیە ئەو سەربازە باوکی کوشتبێ؟ ئەمریکیەکان بە گەواهی رێکخراوە ئەمریکیەکە سەد هەزار عێراقییان کوشتوە کە زۆربەیان مەدەنی بوون و دەیان هەزار منالی عێراقییان بێ باوك کردووە ئیتر کام پاشەڕۆژە روناکەیە کە کوردستانی نوێ لەسەر زاری سەربازە ئەمریکیەکە هەڵیدەبەستێ. هەموو ئینسانێکیش دەزانێ کە ئەم جۆرە وێنانە بۆ مەبەستی پرۆپاگەندەو بڵاودەکرێنەوە و مرۆڤی وووریا بەوە ناخڵەتێ کە لەسەر نوسراوە (ئەسۆشێتد پرێس). مێژووی کورد پڕە لە نمونە لەسەر ئەو خزمەتکارانەی کە تەعلیقی لەو جۆرەیان نوسیوە لەژێر ئەو وێنانەی سەدام نیشان دەدەن لەکاتی ماچ کردنی منالێکی کورد بەلاّم زەمانە خزمەتکاری ئاشکرا کرد